# گیان لەدەستدانی بەرکەوتووانی کیمیابارانی

# ( هەڵەبجە )

# ئازارێکی زیندوو لەجەستەی دەسەڵاتێکی خەوتوودا

**هیدایەت مەلا عەلی**

2008/6/15 ( حەمەئەمین ساڵح ) یەکێکیتر لەبەرکەوتووانی کیمیابارانی ( هەڵەبجە ) گیانی لەدەستداو بوویە قوربانی بێدەربەستی دەسەڵات و ژێرپێ خستنی سەرەتایترین مافی ئینسان لە پاراستنی تەندروستی و مانەوەی فیزیکی وەک مافی ژیان ، ( حەمەئەمین ساڵح ) یەکەم قوربانی و یەکەم کەس نیە لە بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی گیان لە دەست بدات لە ( هەڵەبجە ) ، تەنها لەساڵی ( 2000 دا) و تاکو ئێستا ( 51 ) کەس لە بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی گیانیان لەدەستداوەو بوونەتە قوربانی ، ئەبێت هەموومان بپرسین کێ بەرپرسە لە پاراستن و چارەسەرکردنی برین و ئازارەکانی ئەم ئینسانانە ؟ ئەبێت هەموومان بپرسین دەسەڵاتدارانی کوردوستان کاتێک داهاتی کۆمەڵگایان لەبەردەستدایە بۆچی ئاوڕێک لەم قوربانیانە نادەنەوە ؟ دەسەڵاتدارانی کوردوستان کاتێک ئاوڕ لە بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی نادەنەوە کێشەکەیان هەرگیز کەمی ئیمکانیات و سنوورداربوونی ئابوری حکومەت نیە ، دەسەڵاتداران پارەو داهات و سەرچاوەیەکی گەورەی قازانج و خەزێنەیەکی لەبن نەهاتوویان لە ژێر دەستدایە، بودجەیەکی خەیاڵی ( شەش تریلیۆن و حەوت سەدو حەفتاملیارو سێسەدو حەفتاو نۆملیۆن و دووسەد و چل هەزار دینار ) فرۆشتنی نەوت بە قاچاخ ، باج و گومرگ ، دەیان کۆمپانیاو شەریکەی بازرگانی ، چەندین باڵەخانەی بەرز و سیتی و گوندی میونخ و شاری خەونەکان ، سەدان پرۆژە نەکەس ئەزانێ خاوەنەکەی کێیەو نەکەس ئەزانێ داهاتەکەی بۆ کوێ دەچێت ، سەرەڕای ئەوەی بەگشتی ژیانی خەڵکی ( هەڵەبجە ) مەرگەساتێکە و قابیلی قبوڵ نیە ، بەڵام گیان لەدەستدانی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی تاوانێکە بەهیچ شتێک پەردەپۆش ناکرێت ، ئاخر دەسەڵاتێک نەتوانێت ژیانی خەڵک لە مردن بپارێزێت ، ئاخر دەسەڵاتێک نەتوانێت پاراستنی باری تەندروستی خەڵک لە ئەولەویەتی کارەکانی خۆی دابنێت ، ئەبێت خەڵک چ چاوەڕوانییەکی لەم دەسەڵاتە بکرێت ، ئەگەر ( یەکێتی و پارتی ) هەموو ڕۆژێک بانگەوازی ئەوە دەکەن کە هەرچی دەکەن بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردوستانە ، چی لەو بانگەوازە بێ ناوەرۆکترە کاتێک بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی لە ( هەڵەبجە ) سەرەیان بۆ مەرگ گرتووە ، دەسەڵاتێک ئینسان لەمەرگ نەپارێزێت هەرگیز ناتوانێت پاروە نانێک بخاتە سەر سفرەیان ، دەسەڵاتێک لەتاو پڕ کردنی تورەکەکانیان خۆیان پارە ، تورەکەی سپیە وشکهەڵهاتووەکانی ( مامۆستا کامیل ) ی لە ( هەڵەبجە ) بیرچوویێتەوە ، ئەبێت پەیوەندی نێوان خەڵکی مەحرومی ( هەڵەبجە ) و ئەم دەسەڵاتە چ قڵشتێکی لەنێواندا بێت ، دەسەڵاتدارانی کوردوستان ئەمڕۆ ( کۆنگرە ، کۆنفراس ، ڤیستیڤاڵ بۆ عێل و عەشرەت و خێڵ و تایفە ، برینەوەی بودجە بۆ خانەقا ، پێدانی بەرپرسیاریەتی بە پیاو ماقوڵان ) هتد... ئەمانەیان بۆ گرنگە چونکە چارەنووسیان پێوەی بەندە ، نەک گێڕانەوی ئومێدی ژیان بۆ بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی لە ( هەڵەبجە ) و ژیانی دانیشتووانەکەی ، خەڵکی ( هەڵەبجە ) مافی خۆیەتی بپرسێت و یەخەی ( تاڵەبانی ، بەرزانی ، نێچیرەڤان ، بەرهەم ساڵح ، کۆڵن پاوڵ ، پۆل برێمەر ) و دەیان لەو کەسانە بگرێت کەدەهاتن و بەڵێنی ڕەنگاوڕەنگیان پێدەدان و سوێندیان بە قوربانیەکانیان دەخواردو خۆڵیان دەکردە چاویان ، خەڵکی ( هەڵەبجە ) ئەبێت بزانێت ژیانێکی ئینسانی و ئارام ، چارەسەری بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی و حیساب کردنیان وەک ئینسان ، بەچاوەڕوانی و مەرحەمەتی دەسەڵات و حکومەتەکەی ( یەکێتی و پارتی ) هەرگیز نابینرێت ، خەڵکی ( هەڵەبجە ) دەبێت ماف و خواستەکانیان بەسەر دەسەڵاتداراندا بسەپێنن ، دەبێت ڕیزەکانیان یەکبخەن و نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان دیاری بکەن ، دەبێت ڕۆژانە یەخەی دەسەڵات بگرن و بەشێوەی جۆراو جۆر نارەزایەتی ئەنجام بدەن ، تەنها وەسیلەی سارێژ کردنی برینی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی و باشتر بوونی ژیانی خەڵکی ( هەڵەبجە ) نواندنی ئیرادەی ڕاستەقینەی جەماوەر و یەک هەڵوێستیانە بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان .

2008 / 6 / 17